KCCRC

Islamic Studies

# تەسەووف و سۆفیگەری

## سەرهەڵدان و قۆناغەکانی گەشەکردنی



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٢٠

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# تەسەوف و سۆفیگەری سەرهەڵدان و قۆناغەکانی گەشەکردنی

عەبدوڵڵا ئەحمەد محەممەد

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٢٠

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

ئەیلولی ٢٠٢٠

# تەسەوف و سۆفیگەری سەرهەڵدان و قۆناغەکانی گەشەکردنی

عەبدوڵڵا ئەحمەد محەممەد

### پێشەکی

تەسەوف، ناوێکی نوێترە لەچاو دەستەواژەی «عیرفان» کە بەو واژەیەی خۆی و مانا لێکەوتەکانی لەقورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا «د.خ» هاتووە، تەسەوف دەمێکی دواتر لەبوونی خودی پێغەمبەر «د.خ» وەک ناو و پاشان گروپی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا جێگای گرت، ئەم شێوازەی بیرکردنەوەی ئایینی ڕیشەی لە قورئاندا هەیە، بەڵام وەک دەستە و تیۆری هزری دواتر هاتە گۆڕێ، لەوساوە تا ئێستا بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕی کردووە، ئێمە لەم بەرکوڵەدا پوختەیەک لەبارەی قۆناغەکانی تەسەوف و خەسڵەتی هەر قۆناغێک بەکورتی و پوختی دەخەینەڕوو.

### یەکەم: چەمکی تەسەوف، سۆفی عیرفان و ئیشراق

تەسەوف پەیڕەوکردنێکی زاهیدانەیە لە گوفتار و کردار و دەستوورەکانی پێغەمبەری ئیسلام «د.خ»، لە سەردەمی پەیامبەر خۆیشیدا کەسانێکی وا هەبوون، زیاتر لە هاوەڵەکانیان، سەرگەرمی خواپەرستی بوون، پاش ئەویش هەرچی بارودۆخی ڕێبەرانی ئیسلام ڕووی دەکردە دنیا و تێکەڵبوونی لە ڕادەبەدەری دنیا و هەوڵدان بۆ دەستکەوتی دنیایی، بڕێ لەخواناسان و خواپەرستان زیاتر دوور ئەکەوتنەوە، لە دنیا و سەرزەنشتی ئەوانەیان ئەکرد کە خویان داوەتە دەستکەوتە دنیاییەکەیان، ئەم شێوازە لە سەردەمی «تابعین: شوێنکەوتووان»دا، بوو، تابیعین چینی پاش «ئەسحاب: هاوەڵان» بوون، ناوی ئەسحاب و تابیعین ئەوەندە پیرۆز بوو، ئەو خواپەرست و کەنارگیرانە هەر لەژێری ئەو ناوانەدا مانەوە، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی دووەم بەدواوە، وردە وردە کە ناوی تابیعین ئیادەچوو، ناوی «زاهید»، یان «عابید»، و ئەو جۆرە ناوانە بوونە ناسنامەی خواپەرستانی کەنارگیر، لەئاکامدا لە کۆتایی سەدەی دووەمدا بوو، کە ناوی «سۆفی» بڕا بە باڵای ئەو خواپەرستانەدا کە ئەو زەرق و بەرقە نەیخەڵەتاندبوون و هەر لەسەر ئەو جۆرە خواپەرستییە مانەوە، کە ئەسحاب و تابیعین لەسەری بوون، سۆفییە نەقشبەندییەکان دەڵێن: لە سەرەتادا ئەم ڕێبازەی ئێمە پێی گووتراوە «سیددیقییە»، واتە: تەریقەتی ئەبوبەکری سدیق، پاشان بووەتە تەیفوریە، واتە: تەریقەتی «بایەزیدی بیستامی» کە ناوی «تەیفور» بووە، مەبەست ئەوەیە مامۆستا بە مامۆستا، یان بڵێین مورشید بە مورشید و دەست بە دەست دەگاتەوە لای ئەبوبەکری سدیق، یان عەلی کوڕی ئەبوتالیب، یان ئەوەتە ئەڵێن: ئێمە پەیڕەوی ڕێنمایی و کردارێکین کە ئەبوبەکر پاش ژیانئاوایی محەممەد «د.خ»، ڕێنمایی ئەوانی کردووە، بۆیە پەیڕەوانی ڕێبازەکانی تەسەوف، ئیتر هەر تەریقەتێک بێت، مەبەست پەیڕەویکردنە لە دەستووری قورئان و گوفتار و کردار و دەستووری پێغەمبەر «د.خ»، چ شافیعی، چ حەنەفی، چ نەقشبەندی، چ قادری، چ ڕیفاعی، جا لە «بایەزیدی بەسنامی» بەدواوە بەم ڕێبازە گوتراوە «تەریقەتی تەیفووریی» تا ئەگاتە سەری «خواجە یوسفی هەمەدانی» بەتایبەت «خواجە عەبدولخالیقی غەجدەوانی»، لەویش بەدواوە تا «محەممەد بەهائەدینی نەقشبەند» پێی گوتراوە: «ڕێبازی خواجەگان»، لەمیش بەدواوە بەم ڕێبازە گوتراوە «نەقشبەندی»، و تا ئەمڕۆ بەم ناوەوە ماوەتەوە،«١»

**دەستەواژەکانی تەسەوف و سۆفیگەری**

تەسەوف لە زمانی عەرەبیدا بۆ چەندین مانا بەکارهاتووە، لەوانە: لەبەرکردنی جلوبەرگی خوری، هەروەها بۆ ناوی ئەو کەسە بەکارهاتووە کە پەیڕەوکاری ڕێبازی ڕاستی بووە، و وشەی «سۆفی»یش، لەزمانی عەرەبیدا یەکێک لە ماناکانی ئەوەیە کە ئەو کەسە جلوبەرگی خوری لەبەرکردووە، و پەیڕەوکاری ڕێبازی تەسەوفە.

پێناسەی تەسەوف لە زاراوەدا: لەڕاستیدا کارێکی سەختە کە پێناسەیەکی کۆکەرەوە و گشتگیر بۆ تەسەوف و ڕێباز و شێوازەکانی تەسەوف بدۆزینەوە،

> **تەسەوف ڕێبازێکی دنیانەویستانەیە لەسەر بنەمای ڕێسا شەرعییەکان و پاگژکردنەوەی دڵ و دەروون و پشت هەڵکردن لە دنیا**

چونکە تەسەوف بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، لە هەر سەردەمێکدا مانا و چەمکێکی تایبەت بە خۆیی هەیە، کاتێک ڕەوتی ڕێبازی سۆفیگەری لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە تا ئێستا سەرنج بدەین ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر سەرنجی پەرتووکی سۆفیگەرە گەورەکان بدەین، ئەوا بە پێی پیتەکانی «ئەلف - با» نزیکەی هەزار پێناسە بۆ تەسەوف و سۆفیگەری و ڕێچکە و ڕێباز و بیروڕاکانیان کۆکراوەتەوە، جا هەموو پێناسەیەک لەمانە بۆ ئەو دۆخەیە کە تەسەوفی تیادا بووە، و هەر یەکە و هەڵگری خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی، بۆیە لێرەدا ئاماژە دەدەین بە هەندێ لە پێناسەکانی سۆفیگەرە گەورەکان.«٢»

«جونەیدی بەغدادی» دەڵێت: پرسیار کرا دەربارەی پێناسەی تەسەوف، لەڕاستیدا ئەوەیە کە تۆ بە بێ پەیوەندی و مەرام لەگەڵ خوادا بیت، هەروەها دەڵێت: تەسەوف ئەوەیە کە هەق و ڕاستی بمرێنێت تیاتدا و بتژیێنێتەوە هەر بە هۆی هەق و ڕاستییەوە، «شێخ مەعروفی کەرخی» دەڵێت: تەسەوف گرتنەبەری ڕاستییەکانە و بێهیوا بوون و نەویستنی ئەو شتانەیە کە لەدەستی دروستکراوەکاندان، بۆیە ئەوەی بە هەژاری بە دەست نەیەت، ئەنانەت بە تەسەوفیش هەر بە دەست نایەت، «شێخی شبلی» دەڵێت: تەسەوف دانیشتنە لەگەڵ پەروەردگاردا بەبێخەمی!«٣»

«ئیبن خەلدون» دەڵێت: «بێگومان کە زانستی تەسەوف لەو زانستە شەرعییە ئەفرێندراوانەیە کە ئەم گەلە بەدەستی هێناوە، لەبنەڕەتیشدا ڕێبازی پیاوچاکانی پێشینە و گەورە هاوەڵان و شوێنکەوتووانیش بووە، هەروەها ڕێبازی ڕاستی و هەقیقەتی چینە باشەکانی دوای ئەوانیش بووە، بنەڕەتی تەسەوف بەردەوامی و مانەوەیە لەسەر پەرستنی خودای مەزن و یەکلابوونەوەیە بۆی، ڕوو وەرگێڕانە لە دنیا و بریق و باقەکانی».«٤»

«مەحیەدین ئیبن عەرەبی» دەڵێت: پیاوانی ڕێبازی پەروەردگار وتویانە: تەسەوف ئاکار و هەڵسوکەوت و ڕەفتارە، بۆیە هەرکەس ئاکار و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لە تۆ زیاتر و بەرزتر بوو، ئەوا لە تەسەوفیشدا لە تۆ زیاتر و بەرزترە! «٥» کۆلکەی هاوبەشی نێوان سەرجەمی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە: «تەسەوف بڕینی ڕێگا و کەشماڵی سەرجەمی قۆناغەکانە، بەمەبەستی گەیشتن بە هەق و ڕاستی». سۆفییەکان سنور ناناسن، ئەوە شتێکی بڵاوە لایان کە ڕێگاکانی گەیشتن بە پەروەردگار هێندەی ژمارەی مرۆڤەکان زۆرن، پێناسەی هەڵبژێردراوی تەسەوفیش ئەوەیە کە زانست و ڕچە و ئاکار و ڕێبازێکە کە

مرۆڤ لە خودای مەزن نزیک دەکاتەوە، ئەویش بە خۆڕازاندنەوە دەبێت بەو کردەوانەی کە خودا پێی خۆشن و فەرمانی پێکردوون.

بیروڕای زۆر هەن سەبارەت بە سەرچاوە و بنەڕەتی وشەی «سۆفی»، هەیانە کە لەگەڵ ڕواڵەتی مۆرفۆلۆژی ئەم وشەیەدا ساز و گونجاوە و هەیانە پێچەوانەیەتی، بێژەی زۆر هەن کە کاندیدن بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوە و بنەڕەتی وشەی «سۆفی» لەوانە: «الصَّفاء»، «الصُفَّة»، «الصَّفوَة»، «السوفیا».

«الصفاء»: سەبارەت بە وشەی «الصَّفاء: پاکژی و خاوێنی»، لەبنەڕەتدا لە پاکژبوونەوەی ڕۆحییەوە

> لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچیدا گروپێك لە سۆفییەکان بناغەی بیروباوەڕی «وحدة الوجود»یان دانا

هاتووە و سەرچاوەی گرتووە، لە وشەی «الصَّفا» وەرگیراوە، و هەروەها دەڵێن: لە «الصُفَّة»ـەوە، هاتووە، و سۆفییەکان نیسبەتی خۆیان دەدەنە پاڵ گروپ و ئەهلی سوففە، کە گروپێک بوون لە هەژارانی کۆچبەر و لە چینی یەکەمی ئەوانە بوون کە مسوڵمان بوبوون و بەوە ناسرا بوون کە زۆر زۆر دنیایان وەلاوە ناوە و خاکی دەژین، هەروەها دەڵێن: لە «الصَّفوَة»ـەوە، هاتووە، هەروەک لە ڕووکەشی وشەکەوە دەردەکەوێت ئەم وشەیە بە مانای «هەڵبژێردراو» هاتووە، واتە ئەو گروپە هەڵبژێردراوەی ناو مسوڵمانان کە پشتیان لە دونیاویستی هەڵکردووە و ڕوویان کردۆتە نموونە و بەها باڵاکان، هەر بۆیەش سۆفییەکان خۆیانیان نیسبەت داوەتە پاڵ ئەم وشەیە.«٦»

پێناسەی زۆر هەن بۆ «سۆفی» و خەسڵەتەکانی، گەورە سۆفییەکان سەدان پێناسەیان بۆ ئەم وشەیە کردووە، بەڵام خۆمان لە درێژدادڕی لەم بارەیەوە دەپارێزین و هەندێک لە پێناسەکانی ئەوان لەم بارەیەوە دەگوێزینەوە:

«زوالنونی میصری» دەڵێت: سۆفی ئەو کەسەیە کە داواکارییەکان ماندووی ناکەن و ڕووتاندنەوەش بێزاری ناکات.«٧» «شێخی شیبلی» دەڵێت: سۆفی ئەو کەسەیە کە دابڕاوە لە دروستکراوەکان و خۆی نووساندووە بە هەقیقەتەوە.«٨» هەروەها گوتراوە: سۆفی ئەو کەسەیە کە خۆیی فەنای ڕێبازی خوا کردووە، و تەنها و تەنها لەسەر هەق ماوەتەوە، لە دەستی چەپۆکەکانی سروشت و دەرونی خۆی ڕزگاری بووە، گەیشتووە بەوپەڕی هەقیقەت، بۆیە سۆفی ئەو کەسەیە کە هاوڕێی ڕێبواری ئەو ڕێبازەیە و بە ڕێگاوەیە و کەسی موتەسەویفیش ئەوەیە کە خاوەنی حاڵەتەکەیە و لێبۆتەوە و گەیشتووە.«٩»

«شێخ جونەیدی بەغدادی» دەڵێت: هەر کات بینیت سۆفییەک بایەخیدابوو بە ڕووخساری خۆی، ئەوا بزانە کە ناوەوەی وێرانە! «١٠»

لەپەڕتوکی «الرِّسالَة القشیریَّة»دا، هاتووە: سۆفییەکان ئەو کۆمەڵەیەن کە لە هەموو سەردەمێکدا وا خوا دەپەرستن کە وا هەژمار دەکەن دەیبینن، ئەم گروپە زۆر بە ڕوونی هەست دەکەن بە هەزری ئایینی بە مانا فراوان و قوڵەکەی خۆی و سەرچڵی لە ئایین حاڵی نەبوون، لە ڕووی مرۆڤ بوونەوە و هەروەها لە ڕووی بیروباوەڕیشەوە نموونەن، ئەو کۆمەڵەیە نموونەن لەوەشدا کە بە تەواوەتی پابەند بوون بە ڕەوشت و ڕێبازی پێغەمبەرەوە «د.خ»، بە تەواوەتی خۆیان ڕازاندۆتەوە بەو فەرمانانەی کە قورئانی پیرۆز داوای کردوون جێبەجێ بکرێن و پێغەمبەریش«د.خ»،

لەسەریان ڕۆیشتووە.«١١»

سۆفییەکان نەچوون ئەنها بایەخ بە جۆرێک زانست و یان جۆرە شێواز و مامەڵەیەک بدەن و جۆرەکانی تر پشتگوێ بخەن، چونکە لە ڕاستیدا خودی تەسەوف کانگە و سەرچاوەی گشت زانستەکانە، هەروەها پێگەی هەموو هەڵسوکەوت و ڕەوشتە شیاو و جوانەکانە، بەڵام سۆفییەکان زیاتر دراونەتە پاڵ جلوبەرگەکەیان و نەدراونەتە پاڵ بارودۆخ و ڕەوش و زانستەکانیان، چونکە لەڕاستیدا لەبەرکردنی جلوبەرگی «خوری» ڕەوشتی پێغەمبەران و ڕاستگۆیان بووە و هەروەها دروشمی هەژارانی پابەند بە ڕەوگەی چاکانەوە بووە.«١٢»

زۆرجار «تەسەوف» و «عیرفان»: وەک هاومانا بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەهەمان کاتدا هەم لەڕووی مانا و هەم لەڕووی زاراوەشەوە جیاوازن، «تەسەوف» ڕێبازێکی دنیانەویستانەیە لەسەر بنەمای ڕێسا شەرعییەکان و پاگژکردنەوەی دڵ و دەروون و پشت هەڵکردن لە دنیا، بەئامانجی گەیشتن بە هەقیقەت و کامڵبوون، بۆیە تەسەوف پێگەیەکی جموجوڵدار و پڕ لەگۆڕانکاری هەیە کە لە خاکی بوون و دنیانەویستییەوە دەست پێدەکات و لە بە تەواوی وازهێنان لە دونیا دەگاتە ترۆپک و قۆناغی کۆتاییشی وێناکردنی مانا و شێوازەکانی «وحدة الوجود» و عیشق و فەنایە، لەنێوان ئەم دەسپێکردن و کۆتاییەدا هەڵگری چەندەها ڕەنگ و وێنە و شێواز و مانای جیاوازە، بەڵام «عیرفان» قوتابخانەیەکی فکری و فەلسەفی باڵا و قووڵە بۆ ناسینی هەقیقەت و ڕاستییە شتەکان و کاروبارەکان و گیروگرفت و ڕەمز و نهێنی زانستەکان، بەڵام بەو شێوە ڕێبازە نا کە فەیلەسوف و حەکیمەکان سەرقاڵن پێوەی، بەڵکو لەڕێگای ئیشراق و کەشف و بینینەوەیە.«١٣»

هەرچەندە تەسەوف، عیرفان و ئیشراق ئاماژە بۆ یەک هەقیقەت دەکەن، بەڵام ئەوەش هەیە کە هەندێ لە زانایان هەستاون بە پێناسەکردنێکی وردی ئەم چەمکانە، دواجار ڕایان وایە کە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، هەر بۆیەش گوتراوە کە: «تەسەوف گوزارشت دەکات لە وەرزش، نەوەک لەبەرگی «خوری»، عیرفانیش گوزارشت دەکات لەسەر پلەکانی بینین و پەی پێبردن «شهود»، ئیشراقیش ئاماژەیە بۆ مەزنایەتی و شکۆمەندی زاتی پەروەردگار لەم جیهانەدا»، کۆتایی قسە لەم بابەتەدا ئەوەیە کە پلە و پێگەی «عاریف» زۆر بەرزترە لە پلە و پێگەی «سۆفی»، هەموو عاریفێک سۆفییە، بەڵام هەموو سۆفییەک عاریف نییە!«١٤»

### دووەم: دەرکەوتنی تەسەوف

بنەمای تەسەوف، دنیانەویستی و هەوڵدانە بۆ پاکژکردنەوەی ڕەوشت لەبەر ڕۆشنایی ژیان و ڕێنماییە ڕەوشتییەکانی پێغەمبەردا«د.خ»، هۆکاری سەرهەڵدانیشی زیاتر بەهۆی دوورکەوتنەوەی کاربەدەستانی ئیسلامەوە بوو لە ناوەڕۆکی خواپەرستی، بۆیە چینی سۆفییەکان لەم دەمەوە گەشەیانکرد و لەدنیاویستیی دورکەوتنەوە و ڕوویانکردە خواپەرستی، ئەم وێنە و شێوازەش لەلای خەڵکی جێگەی ڕەزامەندییە، دواتر سۆفییەکان دوورییان لە خەڵکی گرت و تەنانەت هەندێکیان وازیان لە پرۆسەی هاوسەرگیری هێنا و تەواوی بابەتە پەیوەندیدارەکانیان بە دنیاوە پشتگوێ خست، ڕێبازەکەیان ستایلێکی تایبەتی وەرگرت، کە جاروبار دوور بوو لە داخوازییەکانی خودی ئیسلامیش!

تەسەوف بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئیسلامدا لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی کۆچیدا سەریهەڵدا، بەڵام لەوکاتەدا هێشتا تەواو پێگەیشتوو نەبوو، بەتەواوی کاریگەری دروست نەکردبوو لەسەر توخمە واقیعییەکانی عیرفانیی، وەک «وحدة الوجود» و عیشقی خوایی و توێژینەوە و بەدواداچوون، لەڕاستیدا هیچ شتێکی نوێی زیاد نەکرد لەسەر بنەماکانی تەسەوف، سۆفییەکان زیاتر هەر خەریکی دابڕان و دنیانەویستی و قەناعەت و ئەو جۆرە شتانە بوون، تەنها عاریفێک کە زیاتر لەسەر «عیشق و خۆشەویستی خوایی» قسەی کردبێت، لە چاو دوو بابەتی «دنیانەویستی» و «قەناعەت»دا، «ڕابیعەی عەدەوییە» بووە، لە ناسراوترینی سۆفییەکانی سەدەی دووەمیش

ئەمانە بوون: «ئەبوهاشمی کوفی» و «ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم» و «زوالنونی میسری».«١٥»

تەسەوف لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، کە دواتر ناونرایە «قۆناغی زێڕین»، تەسەوف لەم قۆناغەدا گەیشتە حاڵی کامڵبوون، چونکە لە چوارچێوەی لە خەڵک دابڕان و دنیاەویستی و دووری لە دنیا چووە دەرەوە و سۆفییەکان بێداربوونەوە و ڕوویان لە خەڵکی کردەوە و دەستیان کردە قسەکردن دەربارەی عیشق و خۆشەویستی خودایی و خزمەتکردنی خەڵک و قوربانی بەخۆدان و گرتنەبەری ڕێگا هەرە دروستەکە، «شێخ جونەیدی بەغدادی» و «بایەزیدی بوستامی» لە دامەزرێنەرانی تەسەوفن لەم قۆناغەدا، ئیتر سۆفییەکان زیاتر بایەخیاندا بە ڕامان و بیرکردنەوە و سەرنجدان و ئیدی خاکیبوون و دنیاەویستی بووە میتۆدێکی ڕۆحی.«١٦»

لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچیدا گروپێک لە سۆفییەکان بناغەی بیروباوەڕی «وحدة الوجود»یان دانا، لەوانە «حسێنی کوڕی مەنسوری بەیزاوی» ناسراو بە «حەلاج»، کە قسە بەناوبانگەی «انی أنا اللّٰه»ی، کرد! و هەر لەسەر ئەم دەستەواژەیەش لەسێدارە درا، لەکاتێکدا دەستەواژەکە نیشانەی ئەوپەڕی عیشق و خۆشەویستی خودایی بوو، دوای ئەم ڕووداوە ڕێبەرەکانی تەسەوف پەیڕەوانی خۆیانیان ئاگادار کردەوە کە نهێنییەکانی خۆیان بپارێزن و بە کەسی نەڵێن، و لە دڵی خۆیاندا بیهێڵنەوە و زیاتر بێدەنگی هەڵبژێرن.«١٧»

لە نیشانەکانی بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاری لە تەسەوفدا و لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا ئەوەبوو کە سۆفییەکان دەستیانکرد بەخوێندنی زانستە جیاوازەکانی تریش، هەروەها دەستیاندایە ڕێنموونی و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی، بەتایبەتی توێژینەوەی قورئانی پیرۆز و فەرمووده و فەرمایشتی زانا و شێخە گەورەکان، هەروەها پەڕتووکی زۆریشیان نووسی، خۆیان ڕێکخستەوە و لە پەرتەوازەیی دووركەوتنەوە و شاری بەغدایان کردە سەنتەرێکی سەربەخۆی کۆبوونەوەکانیان.«١٨»

**سێیەم: قۆناغەکان و تایبەتمەندی تەسەوف:**

١- لە گرنگترینی تایبەتمەندییەکانی ئەهلی تەسەوف لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا ئەوەبوو کە زیاتر ڕووە و عیرفان ڕۆیشتن، سۆفییەکان پەنایان بردە بەر ڕەمز و نهێنییەکان، هەوڵیاندەدا شتە ناوەکییەکان ئاشکرا بکەن، گەیشتن بە هەقیقەتیان پێشخست بەسەر تەریقەتدا، بازنەکانی یادی خودایان دامەزراند و قۆناغی یەکەمی بەرهەمە نووسینەکانی شێخە موتەسەویفەکان بڵاوکرانەوە.«١٩»

٢- سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بە گرنگترین قۆناغی مێژوویی خاوەن ڕۆڵبوونی تەسەوف دێتە هەژمار، چونکە لەم دوو سەدەیەدا زۆرینەی ڕێبەرە گەورەکانی سۆفیگەری کەوتنە چالاکی بۆ بڵاوکردنەوەی هزری تەسەوف، و لەڕاستیدا تەسەوف لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا گەیشتە ترۆپکی کامڵبوون و بە تەواوەتی پێگەیشت و لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا بناغە سەرەکییەکانی تەسەوف دانران، هەروەها شێوازی بیرکردنەوەی گەورە شێخەکانی ئەهلی تەسەوف دەرکەوت، گەورە شێخەکانی سۆفیگەری دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی تەسەوف و ڕێنموونیکردنی پەیڕەوانیان لەم دوو سەدەیەدا، لەوانە: «شێخ ئەبوسەعید ئەبولخێر» و «شێخ ئەبولحەسەنی خەرقانی» و «شێخ ئەبوبەکری شیبلی» و «ئەبوتالیبی مەککەیی» خاوەنی پەڕتووکی «قوت القلوب» و «ئەبولحەسەنی غەزنەیی» خاوەنی پەڕتووکی «كشف المَحجُوب» کەدەربارەی پایەوپلەکانی تەسەوف و ڕاڤەی پێکهاتەکانی سۆفیگەری و وردبوونەوە لە بنەماکانی بیروباوەڕ لە هەردوو سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا چەندین پەڕتووکیان دانا.«٢٠»

٣- تەسەوف و عیرفان لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا بەرەوپێشچوونێکی کەمی بە خۆیەوە بینی، لە گرنگترینی گۆڕانکارییەکانی تەسەوف و عیرفان لەم سەدەیەدا ئەوەبوو کە ژمارەیەکی زۆر پەڕتووکی تایبەت بە بواری عیرفان نووسران، بیروباوەڕ و ئێزەکانی تەسەوف لە ڕوانگەی قورئان و فەرمووده و فەرمایشتی

شێخە باڵاکانی سۆفیگەرییەوە دۆکیۆمێنتکران، ئەم کارەش لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی زانستی کەلام و ڕێنماییە فەلسەفییەکان ئەنجامدرا، بەرهەمی ئەدەبی زۆر، چ بە هۆنراوە و چ بە پەخشان لەلایەن عاریفە گەورەکانی ڕێبازی تەسەوفەوە دانران و بابەتی «حیکمەتی ئیشراق»یش لەسەر دەستی «شێخ شەهابەددینی سوهرەوەردی» ئەفرێندرا و بڵاوکرایەوە، کە لەساڵی «٥٨٧» یان «٥٨٨»ی، کۆچی کوژرا!«٢١» ئێمە ئەوە دەزانین کە «حیکمەتی ئیشراق» لەسەر بنەمای عیشق و خۆشەویستی خودایی و بیروباوەڕی «وحدة الوجود» بنیاتنراوە، ئەم دوو بابەتەش دژی ئاوەز و پرسی بەڵگەهێنانەوەن، بۆیە سۆفییەکان

**سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بە گرنگترین قۆناغی مێژوویی خاوەن ڕۆڵبوونی تەسەوف دێتە هەژمار**

ڕایانوایە کە ئاوەز و بەڵگەهێنانەوە و پرسە عەقڵییەکانی تر کۆتیان دەکات و دووریان دەخاتەوە لەڕێگای گەیشتن بە هەقیقەت و زاتی پەروەردگار و ڕێباز و ڕەوتەکەیان دەشێوێنێت، هەر بۆیە دەستیانگرتووە بە عیشق و خۆشەویستی خوداییەوە و دوورکەوتونەتەوە لە پرۆسەی عەقڵی و پرسی بەڵگەهێنانەوە – ئیستیدلال، «بێگومان ئەمە ڕای چەند گرووپێکی سۆفییەکانە و هەموویان بەم شێواز نین»، نموونەش وەک: «عەینونولقوزاتی هەمەدانی» و «سەنائی غەزنەوی» و «شێخ فەریدەددینی عەتاری نەیشابوری».«٢٢»

٤– لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا، واتە تا سەردەمی عاریف و سۆفی گەورە «جەلالەددینی ڕۆمی»، گۆڕانکاری زۆر گەورە و گرنگ لە تەسەوف و عیرفاندا و لەم سەدەیەدا ڕوویاندا، لەوانە «مەحیەدینی ئیبن عەرەبی» هات و عیرفانی تێکەڵ بە حیکمەتی ئیشراق کرد، زانستێکی نوێی دۆزییەوە بە ناوی «عیرفانی زانستی»، پاشانیش قوتابخانەی «مەولەوی ئێرانی» بەدەرکەوت کە لێوان لێو بوو لە بابەتی «وەجد» و «سەماع: گوێگرتن» و «گوتە: قەول»، هەروەها قوتابخانەی «سوهرەوەردی»ش، هاتەکایەوە کە ئەمیان پڕ بوو لە بابەتی «دنیانەویستی» و «خوداپەرستی» و «یادی خودا»، و سەرەڕای ئەو هێرشە توندانەی کە مەغۆلەکان لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا کردیانە سەر وڵاتی ئێران کە بووە هۆی شێوانی وڵات و دەربەدەربوون و لێکپچڕانی پەیوەندی نێوان عاریف و سۆفییە گەورەکان، بەڵام تەسەوف و عیرفان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەر بەرەوپێشچوو، توانییان لەبەردەم ئەو کارەساتەدا خۆڕاگربن، ئەگەرچی بەشێوەیەکی سنورداریش بێت بەردەوامی بە کاری خۆیان بدەن، هەروەها لەم سەدەیەدا ئەو گۆڕانکارییەش هاتە ئاراوە کە عیرفان و تەسەوفی زانستی هەروەک زانستەکانی تر لە قوتابخانەکاندا دەگوترانەوە و توێژینەوەیان لەسەر دەکرا، و جەلالەددینی ڕۆمیش مامۆستای ئەم وانانە بوو،«٢٣» عاریفە مەزنەکانی تەسەوف لەم سەدەیەدا پەرتوکی زۆر نایابیان نووسین، لەوانە: «عَوارِفُ المَعارِف»ی، سوهرەوەردی، و «الفتُوحات المكية» و «فصوُص الحِکَم»ی، شێخ مەحیەدینی ئیبن عەرەبی، هەروەها شاعیرانی ئەهلی تەسەوف هۆنراوەی زۆر جوانیان دەربارەی عیشق و خۆشەویستی خودایی و بابەتە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بەم پرۆسەیان نووسی، لەوانەش خودی «جەلالەددینی ڕۆمی» کە هەسارەی

درەوشاوەی ئاسمانی تەسەوف بوو لەسەدەی حەوتەمی کۆچیدا، هۆنراوەنامەی «الـمَثْـنَـوي» هۆنـدەوە، کە گەورەترین و کاریگەرترین بەرهەمی عیرفانییە، پوختە و پاڵفتەکراوی سەراپای بەرهەم و ڕێنماییە عیرفانییەکانە، کە تیایدا عەقڵ و زانست و لۆجیک و ڕۆحی تێکەڵ کردوون و لێیانەوە بیروڕا عیرفانییەکانی خۆیی دەربڕیون، لەڕاستیدا هۆنراوەی تەسەوفی لەسەر دەستی «جەلالەددینی ڕۆمی» و «سەعدی شیرازی» گەیشتە ترۆپک، «مەولەوی»یش، لەباسکردنی بابەتە عیرفانییەکاندا و لە هێنانەوەی نموونە و پوختەکردنی دەرەنجامی بابەتەکان و ڕوونکردنەوەی

**سۆفییەکان ڕایانوایە کە ئاوەز و بەڵگەهێنانەوە و پرسە عەقڵییەکانی تر کۆتیان دەکات و دووریان دەخاتەوە لەڕێگای گەیشتن بە هەقیقەت و زاتی پەروەردگار**

مانای دەستەواژە سەختەکانی عیرفان بە شێوەیەکی زۆر ئاسان خاوەنی توانایەکی ناوازە و کەم وێنە بوو، و هۆنراوەنامەی «الـمَثْـنَـوي الـمَعْـنَـوي» و دیوانە پڕ لە شیعرەکەی خۆشەویستی و هۆنراوەکانی تری و چوارینەکانی لە مەزنترین وێنەی هۆنراوەی عیرفانین کە بۆ زۆر زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون.«٢٤»

٥- قۆناغی کۆتایی، کە لەو دەمەوە تا ئێستا دەست پێدەکات و دیارترین تەریقەتەکانی ئەم قۆناغە «تەریقەتی ڕوفاعی» و «تەریقەتی نەقشبەندی» و «تەریقەتی قادری»یە، کە بەهەموو جیهانی ئیسلامدا بڵاوبوونەوە، دیارترین خەسڵەتی ئەم قۆناغە ئەوەیە ئەم تەریقەتانە لەم قۆناغەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، بۆ وێناکردنی ئیسلام لەبەرگی میانەڕەوی خۆیدا، بەڵام تێکەڵبوونی هەندێ لە وەچەکانی ڕابەرەکانیان بەسیاسەت گورزی گەورەیدا لە ڕەوتی تەریقەتەکان و لەسەر ڕێڕەوی بنەڕەتیی خۆیان لایاندان.«٢٥»

### چوارەم: کاریگەری تەسەوف لەسەر شارستانێتی ئیسلامیی

لەو زانیاریانەی ڕابردووەوە دەردەکەوێت، تەسەوف بیرێکی میانەڕەوانەیە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام، و لە سەرەتادا زیاتر چڕبوویەوە لەسەر ئاستی کەسەکان، بەڵام دواتر کە گەشەی کرد تەواوی کۆمەڵگا و قوتابخانە سوننەتییەکان و تەنانەت ناو بازاڕەکانیشی گرتەوە، ئەوە زۆر بڵاوە کە پیاوەگەورەکانی تەسەوف، وەک، «شێخ عەبدولقادری گەیلانی» بە بازاڕدا گەڕاون و خەڵکیان بۆ باشە و چاکەکاری هۆشیار کردۆتەوە، و زۆر پیاوچاکی تریش ئەمە کاریان بووە، لەلایەکی تریشەوە زۆر لە گەورە سۆفییەکان ڕۆشتونەتە کۆشکی پاشا و خەلیفەکان و لە مامەڵەی باش لەگەڵ خەڵکی و چەسپاندنی دادپەروەری ئامۆژگارییان کردوون و ئاگاداریان کردونەتەوە، و هەرگیزیش هیچ جۆرە خەڵاتێکیان وەرنەگرتووە و هەموو ژیانیان خەرقەپۆش بوون، کە سادەترین پۆشاک بووە،«٢٦» لەلایەکی تریشەوە پێشکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامیی لە ئەندەلوس و لەبەغدا ئەوپەڕی کاریگەری زانایانی تەسەوفی لەسەرە، بیری میانەڕەوانەی ئەوان وایکردووە هانی دەسەڵاتدارانی سەردەمی خیلافەتی ئیسلامیی بدەن بەخزمەتگوزاری وڵاتەوە سەرقاڵ بن و خۆیان لە شەڕ و ململانێ لەگەڵ هەموولایەکدا بەدووربگرن، زۆریشیان بەهۆی ئەم قسەی خێرەوە کە وەک ئەرک درکاندویانە تووشی چەرمەسەری و گرتن و زیندان و تەنانەت کوشتنیش بوونەتەوە! بەڵام گەڵ هەموو ئەمانەشدا دەکرێت، بگوترێت، تەسەوف و ئەهلی تەسەوف خاوەنی پشکی شێرن، لەپێشخستنی

شارستانی ئیسلامیی بە هەموو بوارەکانییەوە، ئەمە ئەگەر سەرچاوەکانی مێژوو بپشکنی زۆر بەئاسانی چاوت بەم ڕاستیانە و زۆر ڕاستی گرنگی تریش لەم بارەیەوە دەکەوێت.«٢٧»

**دەرەنجام:**

لەم توێژینەوەدا توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتوە:

١- تەسەوف هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بوونی هەبووە، بەڵام بەپێی قۆناغەکان و سەردەمە جیاوازەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

٢- تەسەوف، لە سەرەتادا لە بازنەیەکی بەرتەسکدا بووە، بەڵام دواتر هەموو ژیانی کۆمەڵگەی مسوڵمانانی بەجۆرێک لە جۆرەکان تەنیوە، بەشێوەیەک توانیویەتی بیری میانەڕەوانەی خۆی و دوور لە توندئاژۆیی بگەیەنێتە کۆشکی سوڵتان و خەلیفەکانیش.

٣- سۆفیگەری تەنها زوهد و دنیانەویستی نەبووە، بەڵکو جۆرێک بووە لە دروستڕوانین بۆ دونیا و سەدان گەورە سۆفی وەک گەیلانی و سوهرەوەردی و ڕۆمی و ئەوانە، ئەگەر تەسەوف نەبوایە هێندە جیهان نەیدەناسین و وەک هەزاران زانای فیقهیی گومناوانە سەریان دەنایەوە.

٤- تەسەوف کاریگەری تەواوی لەسەر شارستانێتی ئیسلامیی هەبووە، بەتایبەتی لە ئەندەلوس و بەغدا، کە لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لەباسی گەورە پیاوانی تەسەوف و کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتداری لەو دوو خیلافەتەدا و لەو سەردەمەدا.

٥- تەسەوف و سۆفیگەری تا ئێستایش بەردەوامن، بەڵام دەکرێت ئەوە بڵێین کە لە سەد ساڵی دواییدا زۆر لە ڕێبازەکانی تەسەوف تێکەڵی ململانێ سیاسییەکان بوون و ئەمەش زیانی خراپی لەناو و تەنانەت ڕێبازەکەیشدا و پاشەکشەی پێکرد.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

«١». أبونصر السَرّاج، اللَّمع فِي تأريخ التصوف الإِسلامي، دارالكتب العلميَّة، بەيروت – ٢٠٠١، ل١٢٧ - ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی، تەسەوف چییە؟ چاپی یەکەم – ١٩٨٥، دارالحريَّة للطّباعة – بغداد، ل٨٦

«٢». عبدالمنعم الحفني، مُعجم مُصطلحات الصوفية، چاپی دووەم، دارالمسيرة – بەيروت، ١٩٨٧، ل٤٥

«٣». عبدالكريم القشيري، الرسالة القشيريَّة، لێکۆڵینەوەی: عبدالحليم مەحموود، و مەحموود بن الشريف، بڵاوکردنەوەی: دارالكتب الحديثة - قاهيرە، ١٩٧٢، ب٢/ل٥٥٤

«٤». ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، بڵاوکردنەوەی: دارالقلم، چ٥/١٩٨٤، بەيروت، ل ٤٦٧

«٥». ابن عربي، الفتوحات المكيَّة، بڵاوکردنەوەی: دارالكتب العلميَّة، بەيروت – ١٩٩٩، ب٣/ ل٤٠

«٦». أبوبكر مُحَمَّد بن الحسن إبن دريد، جمهرة اللّغة، لێکۆڵینەوەی: ڕەمزی مونیر بەعلەبەکی، بڵاوکردنەوەی: دارالعلم للملايين، بەيروت – ١٩٨٧، ب٢/ ل٨٩٣

«٧». الجامی، نفحات الإِنس، چاپی سێیەم – ٢٠٠٤، دارالفكر – بەيروت – لوبنان، ل١٥

«٨». السهروردی، عوارف المَعارف، بڵاوکردنەوەی: دارالكتاب العربي، بەيروت-١٩٦٦، ل ٣٧

«٩». مُحَمَّد بن علی التهانوي، كشّاف إِصطلاحات الفنوُن، بڵاوکردنەوەی: دار صادر، بەيروت، ب٢/ ل٨٤٠

«١٠». فەرەحناز ڕەفعەت جو، العِرفان الصوفِي عند جَلال الدِّين الروُمي، چاپی یەکەم – ٢٠٠٨، دارالهادي – بەيروت – لوبنان، ل١٨٥ – ١٨٧

«١١». عبدالكريم القشيري، الرسالة القشيريَّة، ٢/٢١١

«١٢». فەیرۆزئابادی، القاموس المُحيط، چاپی بەيروت – ١٩٩٧، ب٢/ل١٧٨ – ١٧٩

«١٣». أبو علی أحمد بن مُحَمَّد إِبن مسكويه، الحِكمة الخالِدَة، لێکۆڵینەوەی: عبدالرحمن بدوی، بڵاوکردنەوەی: دارالأندلس – بەيروت، ل٢٢٩

«١٤». احمد الهويجري، الكشف المَحجوُب، بڵاوکردنەوەی: دارالنهضة، بەيروت – ١٩٨٠، ل ٢٣١

«١٥». ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی، تەسەوف چییە؟ ل٣٠٩

«١٦». مُحَمَّد بن علی التهانوي، كشّاف إِصطلاحات الفنوُن،٢/٧١١

«١٧». فەرەحناز ڕەفعەت جو، العِرفان الصوفِي عند جَلال الدِّين الروُمي، ل٢٤٧

«١٨». عبدالمنعم الحفني، مُعجم مُصطلحات الصوفيّة، ل١٢٦

«١٩». أبونصر السَرّاج، اللَّمع فِي تأريخ التصوف الإِسلامي، ل١٢٧

«٢٠». عبدالمنعم الحفني، مُعجم مُصطلحات الصوفيّة، ل٦٩

«٢١». عبدالكريم القشيري، الرسالة القشيريَّة، ٢/ ٢٧١

«٢٢». الجامي، نفحات الإِنس، ل٤٤

«٢٣». السهروردي، عوارف المَعارف، ل١٢٥

«٢٤». مُحَمَّد بن علی التهانوي، كشّاف إِصطلاحات الفنوُن، ٢/ ٦٥٤

«٢٥». ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی، تەسەوف چییە؟ ل٣٣٩

«٢٦». أبو عبدالرحمن السلمي، طبقات الصوفيّة، لێکۆڵینەوەی: نورالدين سريبة، کتێبخانەی خانچی- قاهيرە، چ٢، ١٩٨٦، ل١٥٥-١٥٦

«٢٧». تاج الدين عبدالوهاب بن تقي الدين السبكی، طبقات الشافعية الكبری، لێکۆڵینەوەی: د. محمود محمد الطناحي - د. عبدالفتاح مُحمَّد الحلو، بڵاوکردنەوەی: هجر للطباعة والنشر والتوزيع، چاپی دووەم «١٤١٣-کۆچی»، ٥/٣٠٧

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS